# دەبرۆ ئەی سەدامی دیکتاتۆر مۆسکۆ نیوەی ڕێییێت بێ

**شاخەوان شۆڕش**

٩ ی ئەپریل ڕۆژی وەرچەرخان و کۆتاییهێلتنی سەردەمی ٣٥ ساڵی دەسەڵاتی خوێناوی بەعسە لەمێژووی عێراقدا. بۆیە ئەم ڕۆژە یەکێ لەڕۆژە مێژوویی و گرنگەکانی خەڵکی عێراقە بەهەموو نەتەوەو کەمینەکانیەوە، ئەوانەی لەسەرەتای بیستەکاندا خرانە ناو چوارچێوەی ستاتی تازە دروستکراوی عێراق. هەروەك ئاشکرایە نەتەوەی کورد دورلەخواستی خۆی ناچاری ناو ئەم قەوارە پۆلیتیکیە کراو لەو ڕۆژەوە دووچاری چەوساندنەوەو ماڵوێرانی، بەعەرەبکردن و هەڕەشەی لەناوچوون بووەتەوە. . حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا هەر هەموویان هەڵوێستی دژانەو شۆڤینیانەیان بەرامبەر بەنەتەوەی کورد هەبووەو خەڵکی کوردستانیان لەهەموو مافە کەلتووری، ئابووری و رامیاریەکان بێبەش کردووەو وویستوویانە نەتەوەی کورد لەناو کۆمەڵگەی عەرەب بتوێننەوە. دیارە خەڵکی کوردستان وەك گەلێکی ئازا بەرەوڕووی ئەم بەعەرەبکردن و هەڕەشەیە بووەتەوە.

درندەترین و دیکتاتۆرترینی ئەم ڕژێمانەی بەغدا بێگومان ڕژێمی بەعس بووە کەلەساڵی ١٩٦٨ وە دەسەڵاتی عێراقیان گرتەدەست و بەئاگرو ئاسن کەوتنە گیانی نەتەوەی کوردی بێ پشتوپەنا. ئەم ڕژێمە بەسەرکردایەتی سەدامی خوێنڕێژ هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاریەوە پرۆگرامی تایبەتی بەعەرەبکردن و پاکتاوکردنی دژ بەنەتەوەی کورد بەدەستەوە بووەو سڵی لەهیچ هۆکارو کەرستەیەك بۆگەیشتن بەئامانجە نارەواکانی نەکردووەتەوە. ئەم ڕژێمە بەدرێژایی ٣٥ ساڵی تەمەنی دەسەڵاتیان لەئازاردان، راونان، گرتن، ڕاگواستن و کوشتنی کورد ماندوونەبوون. سەدامی دیکتاتۆرو ڕژێمە داگیرکەرەی هەر بە راونان و گرتن و سوتاندن نەوەستان و دڵی شۆڤینیانەیان ئاوی نەخواردەوە، بەڵکو کەوتنە ژینۆسایدکردن و کیمیابارانکردنی کوردستان. سەدامی فاشی هەر بەدزینی سامانی کوردستان دڵی ئاوی نەخواردەوە، بەڵکو کەوتە ئەنفالکردنی کوردستان و نەریتی داگیرکەرانەی باپیرانی بەرامبەر بەکوردان دووبارەکردەوە. سەدامی دیکتاتۆر مەبەستی وابوو، کورد لەعێراقێکی یەکرەنگی عەرەبیدا بکاتە رابردوویەکی لەبیرکراو.

سەدامی سەرسەری وەکو مامۆستاکانی لایوابوو لەرێگای ئایدۆلۆژیا شۆڤینیانەکەی دەگاتە تەواوی ئامانجەکانی و دەتوانێ روخساری خاك و نەتەوەیەك بگۆرێ، لایوابوو ئەم جیهانە بۆئەو گردراوەو ئەو مافی خۆیەتی بەئارەزووی خۆی هەڵسوکەت بەخەڵکی کوردستان بکات و بریار لەسەر داهاتووی کورد بدات.

بەڵام مێژوو جارێکیتر ئەو راستیەی دووپاتکردەوە کەوا هیچ دیکتاتۆرێك و ستەمکارێك هەرچەندی دەسەڵاتداربن و توانایان هەبێ ماوەی فەرمانڕەواییان کۆتایی دێت و دەچنە زبڵدانی مێژووەوە.

بەڵێ سەدام بەسەدامیەتی خۆی نەیتوانی کوردستان لەکورد پاك بکاتەوەو نەتەوەی کورد لەبۆتەی کۆمەڵگەی عەرەبدا بتووێنێتەوە. سەدام بەسەدامیەتی خۆی نەیتوانی کوردو کوردایەتی لەکوردستان جیابکاتەوە.

ئەتاتورك و رەزاشا نەیانتوانی کورد بتووێننەوەو گۆڕبەگۆڕ چوون، سەدامیش نموونەی ئەوان هەمان چارەنووسی بەرکەوت.

منیش وەکو نەمر مامۆستا هێمن کەلەهۆنراوەیەکیدا سەبارەت بەشای دیکتاتۆری ئێران گووتی: **دبرۆ ئەی شای خایین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ**، دەڵێم: **دەبرۆ ئەی سەدامی دیکتاتۆر مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێ.**